حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ٩٤٥٩ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ١١ / ٤ / ٢٠٢٣

## بەیانی ژمارە ( ٦ ) ی ساڵی ٢٠٢٣

## تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (دارە ڕەش)

بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و نووسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٤٥ لە ٢٠٢٣/١/٥) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٢٢ .

**بڕیارماندا بە:**

- هێنانە کایەی گوندی **(دارە ڕەش)** سەر بە ناحیەی تانجەرۆ/قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە ڕووبەری **(٤,٩,٣٨) دۆنم** لەسەر بەشێک لە پارچەزەویەکانی ژمارە **(٥٩/بە ڕووبەری ١,٢٤,٤) دۆنم و (٦٣ بە ڕووبەری ١,١٧,١٥) دۆنم** و **(٦١ بە ڕووبەری ١٤,١٩،-) ئۆلك** و **(٧٤ بە ڕووبەری ١٢٥٠)م٢** کە دانراوە بۆ خوێندنگە و **(٧٤بە ڕووبەری ٤) ئۆلك** لە کەرتی **(٤٠/گەدان)** وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانیدا هاتووە و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٨٧٣٥) لە ٢٠٢٢/٨/٢٢ و لە ڕۆژنامەی یاری ژمارە (١٥٥٨) لە ٢٠٢٢/٨/٢٢ بڵاو کراوەتەوە بەپێ ی یاسا کاری کۆژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیـری ناوخـۆ

هاوپێچ
نەخشە

وێنەیەک بۆ
- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی شارەوانی و گەیشت و گوزار/ **هاوپێچ نەخشەی سۆفت و کوردینەیت (CD) لەگەڵ ڕێزدا**
- پارێزگای سلێمانی/ بۆ کاری پێویست و بەرەچاوکردنی نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.باجەکان و خانووبەرەی میری ژمارە (٣٦٢٤ لە ٢٠٢٢/٥/١٢) و نووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی ژمارە (٥٢٦٩ لە ٢٠٢٢/٥/١١) و نووسراوی دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە / ف.ژینگەی سلێمانی ژمارە (٣١٤ لە ٢٠٢٢/٢/٢٠) و نووسراوی بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار/ ب.شوێنەواری پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٠٩٢ لە ٢٠٢١/٩/٢) لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.